# سوور و پەمەیی جوانترین ڕەنگە بۆ لێو



جوانی لێو گرنگی کەمتر نییە لە جوانی ماکیاژ و جلەکان، ئەویش دەتوانێ دیمەنێکی کراوە و جوان نیشان بدات، لە ڕێگەی جوانــکاری لێو بە هــەر بۆیەکی تایبەت، تــۆ دەبیتە خاوەنی جوانییەکی رازاوە لەسەر رووخســار، لەگەڵ گونجاندنی نێوان ماکیاژی دەم و چاو تەنانەت دەتوانین سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ڕەنگی جلەکان یان ڕەنگی ماکیاژ.

زیاتــر ڕەنگی ســوور و پەمەیی بۆ لێو دادەنــرێ، بوونی ســوورێکی تۆخ و پەمەییەکــی کاڵ، دەبێتە ئەوپەڕی جواانی بــۆ ڕازانەوەی لێو، چونکە ناســکتر دەردەکەوێت و لە هەمان کاتیشــدا سەرەنجراکێش دەبێ، دوای گرنگی بە جوانی ڕەنگــی لێو، دەبێ گرنگی بــە هێلکاری بۆ ســەرەوە و خوارەوەی لێو هەنگاوێکی پێویستە لە جوانکاری لێو.

# جوانی ڕەنگی پشت چاوەکان



دەبێ گرنگیەکی تەواو بە ڕەنگی پشت چاوەکان بدەین، تەنانەت کاتێك ڕەنگەکان جێگەی جوانی و سەرەنجراکێشــی دەبن، بەمەش جوانکاری بۆ چاوەکان دەبێتە ڕێگەیەکی تایبەت، هەر ڕەنگێــك بەهایەکی تایبەتی هەیە، لە ڕێگەی ئەو ڕەنگانــەش دەتوانین چاوەکان بە ناسکترین شێوە ڕەنگ بکەین. لە دوو ڕێگە دەتوانین ڕەنگ بۆ چاوەکان دابنێن، یەکێکیان کاتێك ڕەنگی پشــت چاوەکان لەگەڵ ڕەنگی جلەکان یەکدەخرێن، ئەمەش دەبێ ئەو ڕەنگە بۆ جلەکان دانراوە لەگەڵ ئەو ڕەنگەی چاو لە یەکتر نزیك بێ، بە مەرجێك ڕەنگەکان شیاو بن بۆ چاو و جلەکان. ڕێگەی دووەمیش کاتێك ڕەنگی چاو لەگەڵ ڕەنگی ئێکسسوارەکان یەکدەخرێن، وەك هاوڕەنگی نێوان ڕەنگی چاوەکان و تۆقەی سەر، یان پشتێن و گوارەکان.



# جوانی دیکۆرەکان پابەندە بە ڕەنگەکان

دیکۆرەکان هەر یەکە پابەندە بە جوانی ئەوش شێوازەی لەسەری ئامادە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی نەخشێکی تایبەتی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گشت لایەنەکانی دیکۆرەکان بە جوانییەکی تایبەت و کراوە دەربکەوێت، لە دیکۆری ماڵەکان چەندەها لایەنی گرنگ هەن، لەوانە : ڕەنگەکانی دیکۆر – شــێوەی دیکۆر – ڕێکخستنی کەرەستەکانی دیکۆرەکان.

لێرەدا باس لە چەنــد ڕەنگێك دەکەین، دەکرێــت جوانتریــن ڕەنــگ و دیکۆری لێــوە ئامادەبکرێت، ئەویــش ڕەنگەکانی (وەنەوشەیی – شــین – قاوەیی کراوە)، بە ڕێکخســتی هەنگاوەکان بــۆ ئەوەی هەر لایەنێك لە کەرەســتەکان و ڕەنگەکان لــە نزیك یەکتر بێــت و جوانییەکی تەواو بە دیکۆر ببەخشــێت، بە مەرجێك گشت ڕەنگەکان دیار بکەوێت.







# ئەڵقە رەنگ ئەڵماسییەکان بۆ پەنجەی خانمان

ئەڵقە جوانەکان زیاتر پەنجەی دەستی خانمان جوانتر و رازاوەتر دەکەن، بە ڕێگەیەك دەکرێ سوود وەربگرین لە بەکارهێنانی جوانترین رەنگە شیاوەکان بۆ ئەڵقەکان، چونکە دیمەنێکی بەرچاوی هەیە و دەتوانین سوودی لێوە وەربگرین، چەندەها رەنگی تایبەت هەن بۆ ئەڵقە جوانەکان، لەوانە: زەرد – رەنگی ئەڵماسی – رەنگی زیوی.

یەکێك لەو رەنگە سەرەنجراکێشانە بریتییە لە رەنگی ئەڵماسی بۆ ئەڵقەکان، دەتوانین سوودێکی گرنگ و تایبەتیان لێوە وەربگرین، تەنانەت هێمایەك دەبێ بۆ زیاتر رازانەوەیی و گونجاندنی رەنگی ئەڵماسەکان لەگەڵ رەنگی پێیستی دەستی خانمان.

# مۆدەی تەسریحەی لوولەی خاو

چەندەها تەسریحەی قژەکان وادەکات، خانمان نەتوانن تەسریحەیەك بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاربهێنن، ئەمەش بۆ زیاتر گۆڕانکاری لە تەسریحەی قژەکان دەکرێ سوود لە جۆرەکانی دیکەی تەسریحە وەربگرین، بە جۆرێك تەسریحە دەگۆڕدرێت کاتێك جۆرە تەسریحەیەکی جوانتر و تایبەتمەندتر دادەنرێ بۆ ئەوەی جوانییەکی رازاوە بۆ قژی خانمان ببەخشێت.

یەکێك لەو مۆدانە بریتییە لە تەسریحەی پەرمەناتی خاو، ئەمەش شێوەی لە تەلە لوولەکان نیشان دەدات و جوانییەکی رازاوە دەردەکات، دانانی ئەو جۆرە تەسریحەیە لەگەڵ گشت جۆرە قژێك دەگونجێت، تەنانەت شێوەیەکی جوان و رازاوە بە قژی خانمان دەبەخشێت. ئەو جۆرە تەسریحەیە لەگەڵ هەموو کاتێك دەگونجێت بۆ ئەوەی ئامادە بکرێت.










# مۆدەی ماکیاژ یان مۆدەی شێتانە





ماکیاژە سەیرەکان بە چەندین شێوەی تایبەت ئامادە دەکرێت، هەندێك وا دەزانن ئەو ڕێگایانە جێگەی جوانی و سەرەنجراکێشیە، کەچی لە ڕاستیدا مۆدەیەکی شێتانە و سەرشێواوەیە. وەکو ئەو خانمەی لە وڵاتی کەنەدا دەژییت، نزیکەی (١٠) ساڵە بەو شێوە ماکیاژە خۆی جوان دەکات.

سەرەڕای ئەوەی چەندەها جار پێیان گوتووە واز لەو کارە بهێنێ، کەچی لەسەر هەمان شێوە ماکیاژەکەی خۆی بەردەوامە و خۆی بە جوانترین کچی ئەو وڵاتە دادەنێت. (ڕۆزالین) وەکو خۆی دەڵێ:

من ئازادم لەوەی چ ماکیاژێك بۆ ڕووخسار و جەستەم بکەم!

## ١٠٠٠ پشمین لە ڕۆژێك

هەندێك نەخۆشی هەن دەبنە مایەی نیگەرانی و جێگەی سەیری گشت کەسێك، بە تایبەت کاتێك نەخۆشییەکە توند و یان تاك دەبێ، بەمەش وا لە مرۆڤ دەکات جێگەی سەرسوڕمانی بیگرێت و نەتوانێ بەرامبەری بوەستێت. لە شاری شیسابیك لە ویلایەتی ڤیرجینیا لە ئەمەریکا، کچێکی تەمەن ١٢ ساڵان بە تووشی نەخۆشی پشمین بووە.

ئەو کچە ناوی (لۆرین جۆنسون)ە و کاتێك تووشی هەڵامەت دەبێ، سەردانی نەخۆشخانە دەکات و لەو کاتەوە پشمینەکەی زیاتر بووە، لە هەر خولەکێك نزیکەی (١٦) جار دەپژمێ، تەنانەت ڕۆژانە نزیکەی هەزار جار پشمینی دێت. تا ئێستاش نەتوانراوە چارەسەری بۆ دابنرێت.





## چێشتخانەیەکی سەیر لە شێوەی نەخۆشخانە

کاتێك هەندێك کەس بیرۆکەیەکی تایبەت ئامادە دەکەن، بە جۆرێك دەبێتە بیرۆکەیەکی سەیر لە داهاتوو لەوەی شتێکی تازە و سەیری لێوە ئامادە بکرێ، بە مەرجێك بیرۆکەکە جێگەی سەرسوڕمانی و سەرەنجراکێشی بێت. وەك ئەو چێشتخانەیەی بە سەیرترین شێواز دروست کراوە.

خاوەنی ئەو چێشتخانەیە دکتۆرێکە، حەزی بە کردنەوەی چێشتخانەیەك کرد لە شێوەی نەخۆشخانە بێت. بۆیە سەرتاپای دیکۆری چێشتخانەیەکەی لە شێوەی نەخۆشخانە و تەنانەت کەرەستەکانیش وەك کەرەستەکانی نەخۆشخانە وایە. وەك لە جیاتی بەکارهێنانی (کەوچك) بۆ خواردن، لە جیاتی ئەوە بە سرنجی دەرزی لێدان دەکرێ شۆربا بخۆیت!



## ئەڵقەی دەمانچە!





کەرەستە سەیرەکان بۆ مانایەکی تایبەت و سەیر دروست دەکرێن، وەك ئەوەی بکرێت بە شتێکی بەناوبانگ یان کەرەستەیەك جێگەی جوانی و سەمەرە بێ. ئەمەش دەبێتە نموونەیەك بۆ ئەو قسانەی سەرەوە، کاتێك جۆرە ئەڵقەیەکی پەنجەیان دروست کردووە هەرگیز نابێ کەس لە پەنجەی بکات.

ئەو ئەڵقەیە بریتییە لە دەمانچەیەکی بچووك، لە شێوەی ئەڵقەی پەنجە، لە توانایدا هەیە کەسێك بریندار بکات، ئەمەش بەهۆی بچووکی گوللەکانی، وەکو دەمانچە کۆنەکان وایە، ئەگەر بتەوێ تەقە بکەی، دەبێ پەنجەکانت بکوشی و دەتەقێ! دەکرێ ئەو ئافرەتانە بەکاربهێنن کاتێك دەست رێژییان دەکرێتە سەر لەلایەن کەسانی دیکە.

## ئۆتۆمبێلێک لە قەمیش!



کاتێك کەرەستە سەیرەکان دروست دەکرێن، گشت لایەنێکی تایبەتی بۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بە جوانترین و سەیرترین شێوە سەرەنجراکێش بێ، تەنانەت دەبێتە کەرەستەیەکی زیندوو لە بەرچاوی گشت کەسێك، وەکو ئەو ئۆتۆمبێلە دەبێتە یەکێك لە سەیرترین ئۆتۆمبێلەکانی جیهان.

ئەو ئۆتۆمبێلە لە عەسیر دروست کراوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە کارە تازەکانی وڵاتی هیندستان کە بە زۆری عەسیر و داری قامیش بەناوبانگە، جگە لەوەی دەبێتە ئۆتۆمبێلێکی سەیر کە لە ماددەیەك دروست کرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەیرترین ئۆتۆمبێل دادەنرێت.







## سەیرترین کارەکانی مرۆڤ!


هەندێك ئیش و کار هەن مایەی ماندووبوون و کارێکی قورسە تەنانەت جێگەی ناخۆشی و بەربەست دەبێت لە کاتی کارکردندا، وەکو ئەو کارانەی بە دەستەکان ئەنجام دەدرێن، یەکێك لە دوو سەیرترین حاڵەتەکان وەرگیراون لە کاتی کارکردندا، بریتییە لە دکتۆرێکی گیانداران و کارمەندێکی شارەوانی. ئەوەی یەکەم لە وڵاتی جامایکا روویداوە، حاڵەتەکەش بریتییە لە چوونە ناوەوەی دکتۆرێکی بەیتەرنەری بۆ ناو کۆندۆمی فیلێکی گەورە، ئەوەی سەیر بێت نیوەی جەستەی لە ناوەوەی فیلەکەدایە. حاڵەتی دووەمیش بریتییە لە کارمەندێکی شارەوانی بۆ پاککردنەوەی زۆرابێکی ئاو، نیوەی جەستەی خۆی خستۆتە ناو مەزرایەکی ئاوی گیراو.

# تەسریحەی مشک بۆ پیاوان

ئەوانەی حەز بە قژە جوان و سەیرەکان دەکەن، دەکرێ بە جوانترین شێواز کاری جوانکاری بۆ قژەکانیان ئەنجام بدەن، وەکو ئەو جۆرە تەسریحەیە لەلایەن ئەو پیاوە ئەنجامی داوە. لە وڵاتی بەلجیکا (ئەسیتوان) یەکێکە لەو مرۆڤانەی حەز بە گیانداری مشك دەکات.

دوای ئەوەی حەزەکەی بە بەخێو کردنی چەند مشکێك ناوەستێت، بۆیە هەڵدەستێ بە دانانی جۆرە تەسریحەیەکی تایبەت بە قژی، ئەویش لە شێوەی مشکێك بێت، ئەمەش بە هێشتنەوەی تەلێکی قژی لە دواوە، لەگەڵ بڕینی قژی لە شێوەی مشکێکی جوان. ڕەنگە ئەو مۆدەیە بۆ گیاندارانی دیکەش دەرکەوێ، بۆ ئەوانەی حەزیان بە گیانداری دیکەیە.





# سەیرترین ڕێگە بۆ نووستن

کاتێك مرۆڤ دەچێتە سەر پێخەفی نووستن، ڕەنگە هەندێك جار بیری بڕوات و نەتوانێت بخەوێ، ئەمەش بەهۆی بیرکردنەوە و یان نەهاتنی خەو، بیرۆکەیەکی جوان و تایبەتیان بۆ چارەسەری ئەو لایەنە داناوە، وەك دەزانین ئەگەر پێش خەوتن مرۆڤ شتێك بخوێنێتەوە بەرەو نووستنی دەبات لەگەڵ ئەوەی جۆرە ڕۆشنبیرییەکی تایبەتیش بڵاودەکاتەوە، بەهۆی خەریك بوون و ماندووبوونی مێشك بە خوێندنەوە و دواتریش نووستن.

بیرۆکەیەکی تایبەت دانراوە، ئەویش بە دانانی نووسین یان چیرۆك و شتی خۆش لەسەر ئەو شتەی بەمرۆڤ دادرێت وەك : ( لێف – بەتانی – سەرچەف)، بەمەش ئەو کەسە دەتوانێت خۆی خەریك بکات بە خوێندنەوە و دواتریش بەرەو نووستن.

# کەرەستە تازە سەیرەکان



کاتێك کەرەستە سەیرەکان دروست دەکرێن، بە سەیرترین و جوانترین شێواز دادەنرێن، تەنانەت شێوەیەکی بەرچاو و جوانیش دەبەخشن، هەروەها بۆ کارێکی تایبەت و شیاو لە ماڵ و لە شوێنە گشتییەکان دادەنرێن، وەك چەندین کەرەستەی ناوماڵ، یان ئەو کەرەستانەی جێگەی سەرسوڕمانی و سەرەنجراکێشیە. نموونەی ئەو قسانە بریتییە لەو دوو جۆرە کەرەستەیەی ناوماڵ.

ئەوەی یەکەم بریتییە لە کورسییەکی دانیشتن، وەك ئوتۆمبێل وایە، بۆت هەیە بە ئامێری ژێر دەستی خۆت لە شوێنێك بەرەو شوێنێکی دیکە بڕۆیت، بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆت هەڵبستیتەوە. کەرەستەی دووەمیش بریتییە لە : قەنەفە مۆدە تازەکان، ئەمەش بەهۆی دانانی گڵۆپ لەسەر کۆڕنەکانی هەردوولای قەنەفەکە، بۆیە پێویست ناکات لە شوێنێکی ڕووناك بێ، دەکرێ لە گشت شوێنێك دابنرێت.



# میوانداری (تیمساح)یش پەیدا بوو

لە ویلایەتـــی ئەریزۆنـــای ئەمەریکی، کە شـــارێکە لە ئاو نزیکـــە، ئەو ویلایەتە بە تیمساح بەناوبانگە و زۆرترین ڕێژەی تیمساح و مار لەو شـــارەدا هەن. لـــە بەرەبەیانێکی زوودا، پیاوێك کەماڵی لەم شـــوێنە دەبێ، دیەوێ بچێتە ســـەر کارەکەی خۆی، کاتێك دەرگای ماڵەکەی دەکاتەوە، شتێکی سەیر و سەرسام دەبینێت.

شتە سەیرەکەش بریتی دەبێ لە تیمساحێکی زەبەلاح و گەورە لە بەردەم دەرگای ماڵەکەیدا، دوای ئەوەی لە ماڵەکەی دەمێنێت و پەیوەندی بە پۆلیـــس دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن لەم حاڵەتە، دوای ئەوەی پۆلیســـی دارستان دێن و تیمساحەکە دەســـتگیر دەکەن، دەزانن ئەو تیمســـاحە لـــە دەریاوە هاتـــووە و بۆیە هاتۆتە بـــەردەم ئەو ماڵە، چونکە شـــەوی پێشوو گۆشتیان سوور کردبۆوە و تیمساحەش وایزانی ئەو لەوێ داوەت کراوە !





# کەرەستە سەیرەکان بۆ خواردنە

ئەو چەند وێنەیە دەبێتە وێنەی چەند کەرەستەیەکی تایبەت بە مرۆڤ، ڕەنگە لە دوورەوە ئەو کەرەستانە ببینن لەلاتان شتێکی ئاسایی بێ تەنانەت جوانیش دەردەکـــەوێ بەهۆی ئـــەو گرنگییەی پێـــدراوە و، وێنەکانیش بریتین لە : پێڵاوی خانمان — کەرەســـتەی چاکردنەوە وەك پلایس، سپانە — گوڵێکی جوان.

بۆتان هەیە ئەو کەرەستانە بخۆن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گشت ئەو کەرەستانە لە شیکۆلاتە دروست کراوە، تەنیا شـــێوەی لەسەر کەرەستەی جوان و تایبەت ئامادەکراوە، ئەمـــەش وەك کارێکی تایبەت و سەیر بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لایەنێکی جوان بە جوانی کەرەســـتەکان ببەخشێ، لەلای گشت کەسێك بە شتێکی تازە و جوان دابنرێت.











# پیاوی ئافرەتیش پەیدا بوو

هەندێك جار دەبینین شـــێوەی پیاوان و ئافرەتـــان لە یەكتر دەچن، ئەمـــەش بە هۆی ئەو مۆدانەی لە جلوبـــەرگ و یان ماكیاژەكان هەڵدەكەون، بەڵام ئەگەر سەیرێكی ئەو (٣) كەسە بكەین، حاڵەتێكی سەیر دەبینین لەوەی چۆن وەك ئافرەت دێنە بەرچاو. هەر یەكە لەوانە حەز بە پۆشـــینی جلی ئافرەتان دەكەن و ڕۆژانەش بەناو شۆست و شەقامەكانی ویلایەتی تكساسی ئەمەریكی دەسووڕێننەوە.

# بەلەم بۆ سەر شەقامەكان

بەهـــۆی زۆری ڕێژەیەكی زۆر لە ئـــاوی ڕووبارەكانی وڵاتی ڤێتنـــام، ناوچەیەك لـــە باكووری ئەو وڵاتە هـــەردەم چەندەها مەتری لە شـــوێنە گشتییەكاندا بەدی دەكرێت، بۆیە ئەوانیش ڕێگەیەكیـــان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی هاتوچۆ بكەن، وەك دەبینین ئافرەتێك بە بەلەمەكەی لە جیاتی ئوتۆمبێل چۆتە دوكانێك بۆ كەرەستە و شت كڕین !



# یاری جولانەوەی پیتەكان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەكجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـــەیەك بۆ یەكێكی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو كاتێك هەنگاوەكان تەواو دەبێت.

ن س م ۆ گ س ا


ئاسانكاری: كۆمپانیایەكی جیهانییە!

وەڵامی پێشوو: (بەیروت) بوو

# نوكـــــــتە

☺- كوڕ و كچێك خۆشەویســـت دەبـــن، ڕۆژێكیـــان كوڕەكـــە هەســـتی دڵـــی بـــۆ كچەكە دەردەكات و دەڵێ: گیانەكەم تۆ هەوای فێنكی هاوینی و گەرمای وەرزی زستان و خۆشی بەهاران، گەڵای وەرزی پاییزانی..

كچەكەش دەڵێ: بوەســـتە ئەوە تۆ باســـی خۆشەیستی دەكەی یان هەواڵی كەش و هەوام بۆ دەخوێنیەوە!



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئـــەم هەفتەیە هەفتەی خۆشەویســـتییە بۆ تۆ، دیدارێكی ڕۆمانسی كە وەك خەون سەیرت دەكرد دەبێتە ڕاســـتی و دێتە دی،ئەمەش دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەی خەمەكانت و دەســـت پێكردنی قۆناغێكی نوێ لە ژیانت.ئاگاداری باری دارایی‌ت بە و بیر لەداهاتوو بكەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پەیوەندیـــت لەگەڵ هاوڕێیەكـــی زۆر نزیك دا گرژی بەخۆیـــەوە دەبینێت بەهـــۆی لیكتێنەگەیشـــتنێكی بچووك لەنێوانتان،هەوڵ بدە ئارام بگریت تا چارەســـەر دەبێـــت. پابەندی بەڵێنەكانت بە بۆ ئەوەی متمانەی خەڵك لەدەســـت نەدەی،كەسێكی نوێ دەناسیت و چەند نهێنیەكت بۆ ئاشكرا دەبێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەوەندە پرســـیاری تایبەتی لە هاوڕێكانت مەكە ئەمە هیچ سوودی بۆت نییە و لەوانەیە زیانیشی بۆت هەبێت. یەكێك لەلایەنە جوانەكانی كەســـانی خاوەنی ئەم بورجە ئەوەیە كە سادە و ســـاكارن و دوورن لە لەخۆبایی بوون، بەردەوام بوون لەسەر ئەمە سەركەوتنی زۆری بەدواوە دێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

كەمێك لە كاتی خۆت تەرخان بكە بۆ پێداچوونەوە بە لایەنی سۆزداریت،فێڵ لە هەستی خۆت مەكە ئەگەر كەســـێكت خۆشدەوێت ڕاشـــكاوانە پێی بڵێ. كاتێكی خۆش لەگەڵ كەسە نزیكەكانت بەسەر دەبەی بەهۆی بۆنەیەكی تایبەتەوە.وا بكە قسەی خەڵك كارت تێنەكات.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

بە باشـــی بیر لە ئاینـــدەت بكەوە و ئـــەو پرۆژانە دوامەخە كە دڵنیـــای لەبەرژەوەندی تۆ دان.لەگەڵ خۆشەویستەكەت بەرنامە بۆ ژیانی داهاتوو دابڕێژە و لەوردەكارییە بچووكەكانەوە دەســـت پێ بكە. خۆت یان یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت بڕە پارەیەكی زۆری دەست دەكەوێت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

چەنـــد كاتێكی خۆش بەســـەر دەبەی لەگەڵ ئەو كەسەی خۆشت دەوێت بەجۆرێك دەبێتە یادگاریەكی زۆر خۆش و لەیادی ناكەی. هەندێ جار دەتەوێ بە زۆر قسەی خۆت بەسەر قسەی خەڵك بسەپێنی پێویستە واز لەم هەڵسوكەوتە بهێنیت بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی




## ئاســـۆیی:

١_خاوەنی وێنەی ژمارە(٥)
٢_شەش پیت لە (ئەوروپا)
٣-پێچەوانەی (کۆن) + وەکو یەکن
٤_شەش پیت لە (سانتیاگۆ)
٥_یاریزانێکی پورتوگالیە_ کۆمپانیایەکی بەناوبانگی جیهانیە
٦_سێ پیت لە (باران) + پیتی (ع)_سادە(ت)
٧_پێچەوانەی (برۆ)_ڕەنگێکە
٨_ناوی یەکەمی هونەرمەندێکی بەناوبانگی عەرەبە_چوار پیت لە (جومانا)
٩_کاروان(ت)
١٠_پەنەما(ت)
١١_شەش پیت لە (ملیۆنێر)
١٢_ناوی ئەلبومێکی خاوەنی وێنەی ژمارە(٤)

## ســـتوونی:

١_پێچەوانەی ناشرین(پ)
٢_نەوا(ت)
٣_چوار پیت لە (ڕەنگار)
٤_براوەی خەڵاتی میوزك ئەووردس لە ساڵی ٢٠٠٨+پیتی (ڕ)
٥_چوار پیت لە (پاولێتا)_ یاریزانێکی یانەی چێلسیە
٦_تۆنی(ت)_ژوان(ت)
٧_ناوکە(پ)_سێ پیت لە(پاریس)+پیتی (گ)
٨_خاوەنی وێنەی ژمارە(٢)(پ)+نامۆ(ت)
٩_پیتێك+خاوەنی وێنەی ژمارە (٣)(پ)
١٠_چوار پیت لە (دەوران)
١١_یونس(ت)
١٢_ناوی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(١)



## بۆ زاخـــاوی مێشك



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (٦+٨+٩+١+١٠) کۆ بکەیتەوە بە مانای (زمان بە زمانی فارسی)
- پیتی خانەکانی (٥+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی سەرشێتە بە ڕەنگی سوور شێت دەبێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو کەسەی شتی بە ئاناسایی دەبات)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گەززە بە زمانی کەرکوکی)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( چێڵسی ) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەماوەی ڕابردوودا هەستت بە ماندوبوون دەکرد بەهۆی سەرقاڵیت بە چەند کارێکەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پشوویەك بدەیت ئەویش بە سەفەر کردن و گەشت کردن بۆ ئەوەی هەندێك بحەسێیتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم هەفتەیە هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکەی.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێستا توانای زۆرت هەیە بۆ ئەنجام دانی ئەو کارانەی دەمێکە بیری لێ دەکەیەوە و دەتوانی ئەوەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنی.بەشداری لە چەند بۆنەیەکی جیاجیا دەکەی و چەند کەسێکی نوێ دەناسیت.ڕاستگۆبە لەو بەڵێنانەی بە خۆشەویستەکەت دەدەیت و درۆی لەگەڵ مەکە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئـــەم ماوەیـــە ئەســـتێرەی بەختت ڕوو لەگەشـــانەوە دەکات و زۆربـــەی خەونەکانت دێنەدی،دەبیتە مایەی سەرنجڕاکێشـــانی خەڵك و بە جۆرێکی دیکە سەیرت دەکەن.لەم کاتەدا پێویســـتە بە جوانی بیر لە ئەنجام دانی ئەو کارانە بکەیەوە کە بوونەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو کاتە خۆشانەی تۆ.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستیت بەیارمەتی کەسێکی نزیکت هەیە بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیەی کە ئێستا تێیدای،ئەم ماوەیە پەیوەندیەکانت بەرەو پێشچوونی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن و دەبیتە جێی سەرنجی هەموو لایەك بەمەش چەند دەستکەوتێك بەدەست دێنیت و گۆڕانکاریت بەسەر ژیانت دێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چەند سەردانێك بۆ لای کەسە نزیکەکانت ئەنجام دەدەی کە دەبێتە جێگای خۆشحاڵی ئەو کەسانە،ڕۆژژمێری ئەم هەفتەیەت پڕە لە سەردانی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانت.دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ درووستبوونی پەیوەندیەکی ڕۆمانسی،لەوانەیە سەربگرێت و کەسێك دڵت داگیر بکات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەرگیز بێ وەفا مەبە بەرامبەر ئەوانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هاوڕێت بوون،ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەخۆت دا بچیتـــەوە و بە جۆرێکی تر ســـەیری دنیا بکەی ئەگەرنا زۆربەی هاوڕێکانت لەدەســـت دەدەی،ئەگەر خۆشەویستت نییە لەوانەیە لەماوەیەکی نزیکدا کەسێك ببێتە خۆشەویستت.

hemntoni@yahoo.com